www.xebat.net
دوو شەممە 2017/7/17 ژمارە (5309)
خەبات

وەزیری پەروەردە سەردانێکی مەیدانی بەرفراوانی گەرمیان دەکات

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 2017.7.13 د.پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتە ئیدارەی گەرمیان.

یەکەم جار سەردانی قەزای کفری کرد و لە لایەن بەرپرسانی ئیداری و پەروەردەی قەزاکەوە پێشوازی لێ کرا. پاشان سەردانی شەش هۆڵی تاقیکردنەوەی وەزاری پۆلە دوانزەکانی لە قەزاکەدا کرد و دواتریش لەگەڵ مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی هۆڵ و سەرپەرشتیارانی تاقیکردنەوەکان گفتوگۆی لەسەر پرۆسەی بەڕێوەچوونی ئەزموونەکانی ئەمساڵ کرد.

وەزیری پەروەردە هەر لە دیوانی قەزاکە لەگەڵ قایمقام کۆبوونەوە و سوپاسی ماندووبوونی قایمقامی لە پێناو دابینکردنی ئاسایش و هێوری بۆ باشتر بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان کرد.

دواتر وەزیری پەروەردە لە ناحیەی ڕزگاری سەردانی سێ هۆڵی تاقیکردنەوەی کرد و گفتوگۆی لەگەڵ چەندین قوتابی و مامۆستا و بەڕێوەبەری هۆڵ و سەرپەرشتیار کرد بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان.

سێیەم وێستگەی سەردانەکەی وەزیری پەروەردە بۆ ئیدارەی گەرمیان، شاری کەلار بوو کە لە لایەن بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان و قایمقام و بەرپرسانی حکومی بەخێرهاتنی کرا و لە چوارچێوەی دانیشتنێکی دۆستانەدا گفتوگۆ لەبارەی پرسی پەروەردە لە ناوچەکە کرا و دواتر د.پشتیوان سادق سەرانی چەند هۆڵێکی ئەزموونە گشتییەکانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی کرد و بە جیا لەگەڵ قوتابی و مامۆستا و بەڕێوەبەری هۆڵ و سەرپەرشتیاران ڕاوبۆچوونی ئاڵوگۆڕ کرد.

چوارەم وێستگەی وەزیری پەروەردە سەردانی تەلاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ئیدارەی گەرمیان بوو کە پاش گفتوگۆ لەگەڵ چەند بەڕێوەبەرێکی هۆڵ و سەرپەرشتیار کرد بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان.

سێیەم وێستگەی سەردانەکەی وەزیری پەروەردە بۆ ئیدارەی گەرمیان، شاری کەلار بوو کە لە لایەن بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان و قایمقام و بەرپرسانی حکومی بەخێرهاتنی کرا و لە چوارچێوەی دانیشتنێکی دۆستانەدا گفتوگۆ لەبارەی پرسی پەروەردە لە ناوچەکە کرا و دواتر د.پشتیوان سادق سەرانی چەند هۆڵێکی ئەزموونە گشتییەکانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی کرد و بە جیا لەگەڵ قوتابی و مامۆستا و بەڕێوەبەری هۆڵ و سەرپەرشتیاران ڕاوبۆچوونی ئاڵوگۆڕ کرد.

ڕێنمایی تایبەتی بە وانەبێژیی وەزارەتی پەروەردە دەرچوو

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية

KURDISTAN REGION - COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF EDUCATION

بەپێ ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە 19 لە ڕێکەوتی 2017/7/11 کۆمەڵێک ڕێنمایی بۆ وانەبێژی لە وەزارەتی پەروەردە دەرچووە کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

یەکەم: کرێی وانەبێژی بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لەسەر میلاکی هەمیشەیین بۆ هەر کاتژمێرێک بڕی 2000 تەنها دوو هەزار دینار خەرج دەکرێت بە مەرجێک نیسابی وانە وتنەوەی خۆی تەواو بکات کە لە قوتابخانە بۆ دانراوە.

دووەم: کرێی وانەبێژی بۆ ئەو مامۆستایانەی کە دامەزراون.

1. هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم 3000 سێ هەزار دینار.
2. هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوس و دبلۆمی باڵای 1 ساڵ 4000 چوارهەزار دینار.
3. هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و هاوتاکەی 5000 پێنج هەزار دینار.
4. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و هاوتەکەی 6000 شەش هەزار دینار.

د هەڤدیتنەکێ دا بەرپرسێ لقێ و ئەشواق جاف بارودۆخێ ئەڤرو یێ سیاسی ل عێراق و کوردستانێ و پرسا ریفراندوما سەربەخویا هەرێما کوردستانێ گەنگەشەکرن.

هەروسا ب مەرەما خو ئامادەکرن و سەرئێخستنا پروسێسا ریفراندوما سەربەخویا هەرێما کوردستانێ ئەوا کو ل ڕێکەفتی 25ی ئیلونا ئەف ساڵە دێ هێتە ئەنجام دان، دوهێ ل بارەگایێ لقێ ئێک، سەربەست تروانشی بەرپرسێ لقێ ئێکێ پارتی دگەل ستافێ نڤیسینگەها هەلبژارتنێن لقێ ئێک کومبوو.

پشتی ڕاوەستیانا دەقیقەکا ڕێزگرتنێ ل سەر گیانێ پاکێ شەهیدێن بزافا ڕزگاریخوازا دوهێ ل بارەگایێ لقێ ئێکێ پارتی، سەربەست تروانشی ئەندامێ جڤاتا سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسێ لقێ ئێک پێشوازی کر ل خانم ئەشواق جاف پەرلەمانتارا فراکسیونا پارتی ل پەرلەمانێ عێراقێ.

د هەڤدیتنەکێ دا بەرپرسێ لقێ و ئەشواق جاف بارودۆخێ ئەڤرو یێ سیاسی ل عێراق و کوردستانێ و پرسا ریفراندوما سەربەخویا هەرێما کوردستانێ گەنگەشەکرن.

هەروەسان سەربەست تروانشی ئاماژەدا دەلیڤا سەرخوبونێ و گوت سەرەرای هەبونا چەند قەیرانان ل هەرێما کوردستانێ لێ 9/25 دەلیڤەکا زێرین و مێژوویە د دەستێ مللەتێ مەدا ژ بەر کو وەلاتێن جیران و ڕێگر هێزا جاران نەمایە و ئارامی و نافخویا وان بویە مللەتێ کورد، بەرپرسێ لقێ پروسێسا ریفراندومێ وەکو مافەکێ یاسایا نێقدەولەتی و سروشتی بو مللەتێ کورد هژمارت و دیارکر ب ڕێکا ڤی مافی مللەتێ کورد دشێت پاشەرۆژ و چارەنڤیسێ خو یێ سیاسی دیاربکەت.

هەروەسان سەربەست تروانشی ئاماژەدا دەلیڤا سەرخوبونێ و گوت سەرەرای هەبونا چەند قەیرانان ل هەرێما کوردستانێ لێ 9/25 دەلیڤەکا زێرین و مێژوویە د دەستێ مللەتێ مەدا ژ بەر کو وەلاتێن جیران و ڕێگر هێزا جاران نەمایە و ئارامی و نافخویا وان بویە مەترسی ل سەر دەستهەلاتا وان و ئەگەر وەلاتێن ناڤبری بزڤرنە هێزا خو سەربەخوبون و دەولەتا کوردی دێ بیتە هیڤیەکا مری لەومان ئەم هەمی وەکو تاک و حزب بەرپرسیارین بەرامبەر مێژوو و خوینا شەهیدان و دڤێت دویر بین ژ هزرکرنێن بەرتەنگێن حزبی و بەرژەوەندیێن تایبەت و دڤێت ئەم مللەتێ کورد ل هەرێمێ تەمامکەرێن خوینا شەهیدان و خەباتا پێشمەرگەیی بین و پێکڤە بو سەربەخویێ کاربکەین و بکەینە مولکێ هەمی کوردستانێ.

بەرپرسێ لقێ ئێک دگەل ئەشواق جاف پرسا سەربەخویا هەرێما کوردستانێ گەنگەشە دکەت

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان
خانەوادەی زۆر بەڕێز حاجی مەحمود مارف بڵباس

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری سەید سادق و شارەزوورحاجی مەحمود مارفمان پێگەیشت. هاوخەمتانین و سەرەخۆشی ئارِاستەی مالّبات و کەسوکار و خزمانتان دەکەین. لە خودای دلۆڤان داواکارین دلّنەوایی و ئارامیتان پێببەخشێ و خوالێخۆشبوش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا اليه راجعون
مەکتەبی سەرۆک

ئاکرێ... ب گوژمێ 50 ملیون دیناران جادە و چواریانا ئالەیێ تێتە ڕێکخستن و بەرفرەهکرن

خەبات ـ سالح محەمەد تەیرۆ:

زێرەڤان تەمۆ بەدو بەرپرسێ ڕاگەهاندنا باژێرڤانیا ئاکرێ بۆ خەبات گوت: ل گاڤ و پروژە و خزمەتگوزاریێن بەردەوام یێن سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ و ژێخەمەت خزمەتکرن و دروست کرنا پروژەیێ ڕێکخستن و بەرفرەهکرنا چواریانا تاخێ ئالەیێ کو قویناغا ئێکێ لڤی پروژەیی دەست پێکری یە ب کوژمێ 50پێنجی ملیون دیناران وکار لسەر تێتە کرن و ژبوی سەرا پروژەیێ ناڤبری دا و هایداری بریڤەچوونا کارێن ڤی پروژەیی بوو و داخاز کر کو هندی زوی یە ئەڤ قوینا غا جێ بەجێ کرنێ ب دویماهی بهێت تاکو قوینا غیت دی ژی دەست بکارن و ئەڤ پروژە بکەڤیتە دخزمەتا هاولاتیاندا چونکە خزمەتکرنا باژێری و هاولاتیان ب ئەرکەکێ ئەخلاقی و ئایینی و نەتەویی و نیشتیمانی دزانین.

هایداربون لسەر جێبەجێ کرنا ئەڤی پروژەیی بلند ڕەزا زبیر سەرۆکێ باژێرڤانیا ئاکرێ

گەرمیان.. فەرمانی زیندانی کردن بۆ تیرۆریستێک دەرچوو

خەبات ـ سەربەرە یوسف: دادگای باڵای تاوانەکانی کەرکوک- گەرمیان، فرمانی زیندانیکردنی بۆ تیرۆریستێک دەرکرد کە لەماوەکانی ڕابردودا لەلایەن ئاسایشی گەرمیانەوە لەخانەقین دەستگیرکرابوو. لەو بارەوە، نەقیب عوسمان عەبدوڵکەریم، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، ڕایگەیاند: پاش ئەوەی لە ڕۆژی 5/19ی ئەمساڵ لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە توانرا لە سنوری شارۆچکەی خانەقین ،تیرۆریستێک بەناوی هاشم ئیبراهیم عەبدوڵادەستگیربکرێت ،پاشتر دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگای باڵای تاوانەکانی کەرکوک- گەرمیان کرا. وتیشی: ئەمڕۆ لەلایەن دادگای تاوانەکانی کەرکوک/گەرمیان، لە کەلار فرمانی زیندانی کردنی بۆماوەی پێنج ساڵ و یەک مانگ بۆ دەرکرا. ئەو بەپرسەی ئاسایش ڕاشیگەیاند: هەر ئەمڕۆ بۆ بەسەربردنی ماوەی سزاکەی ئەو تیرۆریستەتاوانبارە ڕەوانەی چاکسازی گەورانی سلێمانی کراوە.

گەرمیان... ماوەی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران درێژ کرایەوە

خەبات ـ سەربەرە یوسف:

بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، ئاشکرایکرد ماوەی وەرگرتنی گەنم لەجووتیارانی سنوری ئیدارەی گەرمیان درێژکراوەتەوە.

شادی حوسێن، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: بەهۆکاری ئەوەی پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران بە بەراورد بەناوچەکانی تری کوردستان درەنگ تر دەستی پێکرد، بۆیە پرۆسەکە بەردەوامی هەیە. وتیشی ئەگەرچی بڕیاربوو پرۆسەی وەرگرتنی گەنم لە 15ی ئەم مانگە کۆتای بهاتبایە بەڵام درێژ کرایەوە بۆ 7/25 بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، ئەوەشی ئاشکراکرد: وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان داواکارین پرۆسەکە بۆپاش 25ی مانگیش درێژ بکرێتەوە بۆئەوەی سەرجەم جووتیاران بتوانن گەنمەکانیان ڕادەستی بنکەی وەرگرتنی گەنم بکەن.

75 ڕۆژنامەنووس و نووسەر و خوێنەری هەڵەبجەی شەهید خەڵات کران

خەبات ـ عەلی میرزا عارف: لە هۆڵی یادگاری هەڵەبجەو بە ئامادەبوونی نوخشە ناسیح قایمقامی ناوەندی هەڵەبجەو نوێنەری دامودەزگا حیزبی و حکومیەکان و ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە مەراسیمێکدا دەزگای ئایدیا بۆ فیکرو لێکۆڵینەوە بە هاوکاری لقی هەڵەبجەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵسا بەبەخشینی ژمارەیەک لە چاپکراوەکانی بەسەر نووسەران و ڕۆژنامەنوسان و سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. سەرەتا ئامادەبووان خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان. دواتر لە وتەیەکیدا نوێنەری دەزگای ئایدیا لە وتەیەکدا ئاماژەیدا بە دروست کردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەران و گرنگیدان بە خوێندنەوە. دواتر کێبڕکێی کوردستان لەمێژوودا بەخشرایە ئامادەبووان.

ڕووداوێکی هاتوچۆ لەنێوان کەلار و سلێمانی 10 بریندارى لێکەوتەوە

خەبات ـ سەربەرە: پاش نیوەڕۆی دوێنێ لە ئاکامی پێکدادانی 2 ئۆتۆمبیل لەنێوان شارۆچکەی کەلار وسلێمانی لەنزیک گوندی چنارەی سەر بەدەربەندیخان 10 کەس بەربندار بوون. لەو بارەوە نەقیب ڕێژەن بورهان، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی شارۆچکەی دەربەندیخان، بەخەباتی ڕاگەیاندکاتژمێر 5ی ئێوارەی ئەمڕۆ دووئۆتۆمبیل لەجۆرەکانی پیکابی دەبڵ وقەمەریەکی ئێف جی لەنزیک گوندی چنارەی لای دەربەندیخان پێکیان داد و هۆزیەوە 10 سەرنشینی هەردوو ئۆتۆمبیلەکە بربندار بوون. وتیشی: ڕووداوەکە لە ئاکامی خێرا لێخوڕین و بەهەڵە دەڕچوونی قەمەرەکە ڕوویداوەو 8 لەبرینداڕەکان لەنێو قەمەرکەدابوون. بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی دەربەندیخان، ڕاشیگەیاند بریندی 4 لەبرینداڕەکان سەختە بۆیە ڕەوانەی سلێمانی کراون.

گەرمیان... لە شەش مانگی ئەمساڵدا دوو هەزار و 721 منداڵ لەدایکبوونە

خەبات ـ سەربەرە یوسف: بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ئافرەتان و منداڵبوون لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، کە تاکە نەخۆشخانەی تایبەت بە ئافرەتان و منداڵ بوونە لەگەرمیان، لە شەش مانگی ئەمساڵدا نزیکەی 3 هەزار منداڵ لەدایکبووە.

وێنەیەکی ئاماری نەخۆشخانەکە بە خەبات دراوە هاتووە لە ماوەی 6مانگی یەکەمی ساڵی 2017 دا لەنەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ئافرەتان و منداڵ بوون 2 هەزار 721 منداڵ لەدایک بووە. بەپێی ئامارەکە ڕێژەی لەدایک بوونی منداڵی کوڕ لە 6مانگی ئەمساڵدا زیاتربووە بەجۆرێک لەو ژمارەیە هەزار و 406 منداڵیان لەڕەگەزی نێر بوەو هەزار و 315 منداڵیان لە ڕەگەزی کچ واتە مێ بووە. لە ئامارەکەدا ئەوە ڕونکراوەتەوە کەمنداڵ بوون بەشێوەی سروشتی ڕووی لە زیاد بوون کردوە بەجۆرێک لە 6 مانگی ئەمساڵدا هەزار و 884 منداڵ بەشێوەی سروشتی هاتونەتەدنیاوەو هەزار و 837منداڵیش بەنەشتەرگەری هاتونەتەدنیاوە.